گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەندەکانی گەشەسەندنی پەیوەندیەکانی نێوان رووسیا وهەرێمی کوردستانی عێراق (2017-2007)

**شێروان عبدالرحمن محمد**
دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
Sherwan.abdulrahman@mhe-krg.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/١٧
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Relations of Kurds, Russian Attitude, Oil and Gas, Referendum, Soviet

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.8

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە خستنەڕووی ئەو پەیوەندیانەیە کە لە نێوان ڕوسیا و هەرێمی کوردستان دروست بووە چونکە روسیا هەرێمی کوردستان بە پێگەیەکی ستراتیژی خۆیان دادەنێت، لەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر ڕۆڵی کورد لە کایەی سیاسی و ئابووری رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە، باس لە هەڵوێستی دوولایەنانەی رووسیا دەکات بەرامبەر بە پرسی کورد، هەروەها پرسی گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاڵپشتی سنووورداری بۆ لایەنی کوردی، هەروەها باسی دیارترین خاڵەکانی لێک نزیکبوونەوە و ناکۆکی نێوان هەردوولا و هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەم بابەتەدا سەیری گریمانەکانی سیاسەتی مۆسکۆ بەرامبەر بە کورد دەکەین، هەروەها شیکاری بۆ ئەو پرسانەدەکات کە پەیوەندیان بە پەرەپێدانی کێلگە نەوت و غازیەکانی کوردستانەوە لەلایەن گازپرۆمی نزیك لە کرێملین لەگەڵ خستنە رووی ڕۆڵی لە بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان مۆسکۆ و هەولێر.

## پێشەکی:

لە ساڵانی 2011 بەدوا وەرچەرخانێکی بەرچاو لە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویدا، کە ئامانجی گەڕاندنەوەی ڕۆڵی خۆی بوولە هاوکێشە سیاسیەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەمان کات ڕەنگدانەوەی توانای خۆی بوو بۆ کێبڕکێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچە گرنگی و ستراتیژیەکانی وەک سوریا و عێراق و گواستنەوەی لە قۆناغی دەستی ئایدیۆلۆژی بۆ ڕیالیزمی، بەهۆی پەرەسەندنی خێرای ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەولەتە زلهێزەکان سەرلەنوێ بە سیاسەتی خۆیان لە ناوچەکە و کاراکتەرانی ناوچەکەدا چوونەوە، سیاسەتی ڕووسیاش لەم ڕەوتە بێبەری نەبوو، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی "داعش" لە سوریا و عێراق کە بووە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە. مۆسکۆ سیاسەتێکی گرتەبەر لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد پتەوتر کرد لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی و لێدانی داعش، هاوکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەش پاراست، هەرچەندە پەیوەندی روسیاو کورد مێژوویێکی درێژی هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانیان لە سنورێکی تەسکی تاکتیکی و بەرژەوەندی کورتخایەندا تێنەپەڕیوە، روسیا لە مێژە یارییەکی ئاڵۆز و دووفاقی لە سیاسەتی دا هەیە بەرامبەر بە پرسی کورد، بەئامانجی پتەوکردنی پێگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، روسیا هەمیشە پرسی کوردی وەک کارتێکی گوشار لە دژی نەیارەکانی بەکارهێناوە.

## 1. چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

1.1 **پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:** دیارکردنی ڕەهەندی پەیوەندییەکانی نێوان روسیا هەرێمی کوردستانی عێراق کە روسیا لەسەر بنەما بەدەستهێنانی بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دایمەزراندووە، ئارگومێنتی سەرەکی توێژینەوەکە دەرخستنی سروشتی پەیوەندییەکانە ئایا ئەوە پەیوەندییانە لەسەر چ بنەمایەك دامەزراوە؟ چونکە روسیا سەرەڕای ئەوەی ململانێ هەیە لە نێوان دەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵام هەوڵیداوە دۆستی هەمووان بێت یان بواری ئەوەی داوە هەرکاتێك ویستیان دەتوانن دۆستایەتی روسیا بکەن، بەراستی ئەمەش کارێکی ئاسان نیە لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا، بۆیە بێمتمانیەك هەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە بەرامبەر بە رووسیا چونکە ترسی ئەوەیان هەیە روسیا کوردستانی عێراق سەرچاوەی کە وەبەرهێنانێکی گەورەی تێدا کردووە لە داهاتوو وەکو کارتی فشار بەکاربهێنێت لە دژی دەولەتە ئیقلیمیەکانی دروایسێی هەرێم.

**1.2 : گرنگی توێژینەوەکە** لە چەندین لایەنەوەیەوە لەوانە دەرخستنی لایەنی پەیوەندیەکانی رووسیا و هەرێمی کوردستانە چونکە روسیا وەکو دەوڵەتێکی زلهێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری بەسەر هەموو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەوە و دەوڵەتە ئیقلیمیەکانەوە هەیە، دەرخستنی پێگەی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان بۆ روسیا بەتایبەتیش لەسەردەمی ئێستادا چونکە روسیا لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواو ئەمریکا ئابلوقەدراوە، روسیا لە ئێستادا دەیەوێت زیاتر پەرە بە پەیوەندیەکانی بدات لە رۆژهەڵات.

**1.3 میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بەچەندین شێواز میتۆد لەوانە میتۆدی بەراوردکاری کە بەراوردکردنی سیاسەتی رووسیا بەرامبەر بە کورد بەردەوام تاکتیکی دوو دوولایەنی پەیڕەو دەکات بۆ مۆدێرنکردنی ڕێبازی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها میتۆدی شیکاری ئەویش بە شیکردنەوەی هەڵسوکەوت و دیاردە و کێشە سیاسیەکان دووبارە دارشتنەوەیان، هەروەها شیکردنەوەیەکی وردی پەیوەندیەکانی نێوان رووسیا هەرێم دەکەین ئەویش بە سوود وەرگرتن لە میتۆدی مێژووی بۆ ئەوەی زیاتر وردتر لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بگەین. هەروەها لەم توێژینەوەیە سوود لە چەندین سەرچاوەی جۆراو جۆر وەرگیراوە لەوانە کتێب و توێژینەوەی زانستی و چاوپێکەوتن و بەڵگەنامەی فەرمی بە زمانەکانی رووسی و ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی بەتایبەتیش ئەو توێژینەوانەی لەسەر پەیوەندیەکانی رووسیا و کوردستان نووسراوە.

**1.4 پێکهاتەی توێژینەوەکە:** لە چوار باس پێکهاتووە باسی یەکەم باس لە پەیوەندیە مێژووییەکانی رووسیا کوردەکات کە باس لەسەرەتای دروسبوونی پەیوندی نێوان کوردو رووسەکان دەکات لە مێژوودا، باسی دووەم باسی : هەڵوێستی دوو فاقییەتی رووسیا بەرامبەر بە کورد دەکات لەم باسە باسی ئەو هەڵوێستانەی رووسا دەکەین کە لەبارودۆخە زۆر نالەبارەکان کورد پەنای بۆ بردووە، باسی سێیەم باس لە پەیوەندی نێوان رووسیا و هەرێمی کوردستان دەکەین هەر لەسەرەتا دروستبوونی تاوەکو ئەمرۆ، باسی چوارەم تایبەتە بە پەیوەندیەکانی رووسیا و هەرێمی کوردستان لە بواری وزەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. باسی یەکەم: پەیوەندیە مێژوویەکانی ڕوسیا و کورد

پەیوەندی ڕاستەوخۆی کورد و ڕووسیا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری کاترینای مەزن، لە سەردەمی شەڕە کورتەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانی، لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم(Жигалина, 1983.c42)، کە کوردستان بەسەر دوو بەرە دابەش بوو. بەشێکی لەژێر دەستی فارسدا بوو، بەشی دووەمیش لەژێر دەستی داگیرکاری عوسمانیدا بوو، یەکەم پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و کورد لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بوو بۆ ناوچە کوردییەکان، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئاگرەکە لە سنووری ڕووسەکان نزیک بووەتەوە بەتایبەتی ناوچەی قەفقازیا(.Победоносцева кая, 2017, C70) ، بۆیە ڕووسەکان لەم کاتە سەرەتاییەدا پەیوەندییان بە کوردەکانەوە کردووە بە چەند ئامانجێك لەوانە  بێلایەنکردنی کورد لە کاتی ململانێی لەگەڵ فارسەکان لە لایەک و دەوڵەتی عوسمانی لە لایەکی ترەوە، دووەمین بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کورد، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕووسیای تزاری توانی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر بەشێک لە کوردستاندا درێژ بکاتەوە بە مەبەستی سود وەرگرتن لە کورد وەک شەڕڤان لە شەڕەکانیدا بەبەڵگەی ئەوەی چەندین سەرکردەی کورد پلەی بەرزی سەربازیان وەرگرتیە لە سوپای ڕووسیا قەیسەریدا. ئامانجی سێیەم: درێژکردنەوەی نفوزی خۆی لە ناوچەکە و چوونە ناوەوەی بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان لە کۆتاییدا درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر وەکو دەوڵەتە زلهێزەکانی دیکەی جیهان، لەوانەش بەریتانیا و فەرەنسا(حاجی، 2000، ل231).

دوای جەنگی جیهانی یەکەم حکومەتی روسیای سۆڤیەت هەولێدا خۆی لە میراتی ئیمپراتۆریەتی روسیا جیابکاتەوە و سیاسەتێکی نوێ و جیاواز لە رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست پەیرەو بکات بەتایبەتی بەرامبەر ئەو نەتەوانەی خۆیان بە غەدرلێکراو دەزانی، تا رادەیەکی زۆر سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد " لە سفرەوە" دەستپێکرد، لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر چەندین پارت و رێکخراوی کوردی دروست بوون بوون کە یەکێتی سۆڤیەتیان بە هەڵگری ئایدۆلۆژیای مارکس-لینینزم داکۆکیکەری مافەکانیان دەزانی(Победоносцева Кая, 2019. Т. 1. С225) لە ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٩. لە ئازەربایجان یەکێتی سۆڤیەت هەرێمێکی کوردستانی دروستکرد، وەک یەکەیەکی ئیداری سەربەخۆ تەرخانکرابوو  پاڵپشتی لەو کوردانە دەکرد دەکەونە سنووری یەکێتی سۆڤییەتەوە( .Жигалина О .И., 2013, C34).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا سەرکردایەتی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کێشەی کورد بووەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست. لەڕاستیدا لە جەرگەی قافقاز کە کوردەکانی سۆڤیەت تێیدا دەژیا، ئەڵمانیا پلانی دانا بەرەیەکی دیکە بکاتەوە بە ئامانجی داگیرکردنی خاکی قەفقازی سۆڤیەت کە دەوڵەمەندە بە نەوت و سامانی سروشتی(Жигалина,2013, С35.). لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و ڕووداوەکانی ئێران کە یەکسەر دوای ئەوە هاتوون گریمانەی ئەوە کرا یەکێتی سۆڤیەت کورد وەکو کەمینەیەکی نەتەوەیی بەکاردەهێنێت بۆ گرژکردنی بارودۆخی ئێران، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی نەوت. لە لایەکی دیکەوە (جۆزێف ستالین) هەوڵیدا پێگەی ئەمریکا و بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز بکات، کە لە دەیەکانی پێشوودا بەهۆی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ناکارامەی بەریتانیا بە شێوەیەکی نەرێنی لە قاڵب درابوو. ڕابەری سۆڤیەت و پاشان بەرپرسی دیپلۆماسی ڤیاچێسلاڤ مۆلۆتۆڤ درکی بەوە کرد کە بەکارهێنانی کورد لە شەڕی دژ بە ڕەزاشای پەهلەوی ئێران لە ناوچەی فارسی ئازەربایجان ڕەنگە ببێتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ناوەخۆی ئێران ئەمەش وادەکات ببێتە هۆی دروستکردنی پێگەیەکی باشتری موزایەدە لە دانوستانەکان لەسەر ئیمتیازاتی نەوت و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی زیاتر لەم وڵاتە(David, 2004, P.244-245.). بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی(١٩٤٦) مۆسکۆ پشتیوانی لە دامەزراندنی کۆماری میللی مهاباد لە کوردستانی ئێران کرد دواتر هەر خۆشی پشتی تێکرد(Жигалина, С176–185)، و لە عێراقیش دوای سەرنەکەوتنی شۆرشی بارزان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی کوردەکانی باشوور پەنایان بۆ یەکێتی سۆڤیەت برد(Жигалина, 2013, С109)، مۆسکۆ بینی کە پێویستە بژاردەی دیکە بگرنەبەر بۆ بەکارهێنانی کورد لە دژی وڵاتانی ڕۆژئاوادا. دەرفەتێکی لەم جۆرە دوای مردنی ستالین و ئاڕاستەکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن سەرۆکی نوێی وڵاتەکە (نیکیتا خرۆشۆڤەوە) دەستی پێکرد. لە ساڵی(١٩٥٥)دا خرۆشۆڤ ئاماژەی بە توانای بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان کرد و بە مۆلۆتۆڤی وەزیری دەرەوەی گوت کە ((یەکێتی سۆڤیەت دەبێت پشتگیری کوردەکان بکات، وە یارمەتی مستەفا بارزانیشیاندا بە گەرانەوەی بۆ عێراق و رێکەوتن لەگەڵ بەغدا(Н.Ф. Бугай, РАН, № 5 (21) – 2013,С31.)، بەتایبەتی دوای کودەتاکەی عێراق هاتنە سەر دەسەڵاتی عبدالکریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨(الزبيدى، 1981، ص190 ) ، یەکێتی سۆڤییەت هەوڵیدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە ناوچەکەدا بگێڕێت و بەدەنگی بەرز ناڕەزایەتی دەربڕی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرامبەر بە سەرکوتکردنی دڕندانەی دەسەڵاتدارانی عێراق بەرامبەر بە کورد لە یادی شۆری ئۆکتۆبەر مستەفا بارزانیان بانگهێشت کرد بۆ مۆسکۆ دواتر بارزانی دەڵێت سەردانەکە بۆ مۆسکۆ بۆ کورد زۆر بەسوود بوو، بەو پێیەی یەکێتی سۆڤیەت بەڵێنی دا لە ئەگەری ڕوودانی شەڕ لە نێوان دەسەڵاتدارانی عێراق و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، مۆسکۆ پشتیوانی مستەفا بارزانی بکات"( Барзани., 2005. С. 297–299) ، لەژێر کاریگەری پێگەی یەکێتیی سۆڤیەتدا بارزانی کەوتە ململانێیەکی جددی لەگەڵ قاسم . لەلایەکی دیکەوە، لە راگەیاندنەکانی ئەوروپا ئاماژە بەوە کرا مۆسکۆ لە قاسم نارازیە یەکێتی سۆڤیەت کوردەکانی وەک ئامرازێک بۆ فشارخستنە سەر قاسم بەکاردەهێنێت، یەکێتی سۆڤیەت نەیتوانی چ بە هۆکاری سیاسی یان تەنیا تەکنیکی چەک بۆ کوردەکانی عێراق دابین بکات، بەڵام پاڵپشتییەکی زۆری سیاسی و دارایی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی کرد لە ڕێگە بالوێزخانەکەیەوە لە بەغدا( .Кхудейда,. 2010. № 1 2010,С80) ، هەروەها پشتیوانیی لە ئۆتۆنۆمی کورد کرد لە عێراق و فشارەکانیشی لە ساڵی ١٩٧٠دا بەشدار بوون لە ڕێکەوتنی ئۆتۆنۆمی( Anna, Jul 29, 202)، مۆسکۆ نێوەندگیری لە نێوان بەغدا و کورددا کرد بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی ئاشتی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عێراق. دوای ساڵی ١٩٧٣ کاتێک کوردەکان هەڵوێستێکی ئاشکرای لایەنگری ڕۆژئاوایان گرتەبەر بەهۆی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سۆڤیەت، سۆڤیەت پشتگیری لە شەڕی بەغداد لە دژی کوردەکان کرد، ئەمەش خواستی عێراقی لەسەر چەکی سۆڤیەت دروستکرد(Gönül, december 19,2017). لە لایەکی ترەوە مۆسکۆ بە هیچ شێوەیەک دڵخۆش نەبوو بە نزيك بوونەوەی سەرکردەکانی کورد لە ئەمەریکا، کە لە ئەنجامدا لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسیەکان لە عێراقدا کێشە لە نێوان کوردو دەسەڵاتدارانی بەغدا دروست بوو، ئەمجارەیان مۆسکو زیاتر پشتگیری لە بەغدا کردوو بەتایبەتی لەسەردەمی سەدام حوسێن( .(Gonul,December 19, 2017

دوای کێشەکانی عێراق جارێکی دیکە مۆسکۆ سەرنجی خۆی بۆ بارودۆخی تورکیا گەڕاندەوە و پشتیوانی خۆی بۆ هەوڵەکانی سەربەخۆیی کوردەکانی تورکیا گواستەوە، بە ئاگاداری لە پەرەسەندنی ئاژاوەی سیاسی لە تورکیا ئەویش بە پشتگیرکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دامەزرابوو، وەک ڕێکخراوێک ناساندنی، کە دەتوانێت ببێتە هۆی ئاژاوەگێڕی و تورکیا دوور بخاتەوە لە جیهانی ڕۆژئاوا. پەکەکە لە گریمانەکانیدا ئاماژەی بە بنەماکانی

مارکسیزم-لینینیزم کردبوو، لە کاتێکدا بەرهەمەکانی لینین و ستالین بوون بە "سەرچاوەی سەرەکی ئایدیۆلۆژیی گریمانە و بیروباوەڕەکانیان(Aliza Marcus, 2007, p68.). بەڵام دوای کودەتاکەی تورکیا(1980) و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەربازییەوە، کوردەکان ناچاربوون کۆچ بکەن بۆ سوریا، کە تیایدا سەرۆکی ئەو وڵاتە، حافز ئەسەد، پەناگەی بۆ دابینکردن(فريق باحثين ، 2013، ص22) ، لەو ماوەیەشدا مۆسکۆ کە سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکانی و کێبڕکێی چەک بوو لەگەڵ ئەمریکا، کەمتر گرنگی بە پرسی کورد دەدات، وەک لە پشتیوانیکردنی میخائیل گۆرباچۆڤ سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئۆپەراسیۆنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژ بە عێراق بەناوی(گەردەلولی بیابان) لە ساڵی ١٩٩١، بۆ دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوێت، دەردەکەوێت هاوکاری نەکردنی کوردەکانی عێراق لە ڕاپەڕین دژی ڕژێمی سەدام حسێن پاشان لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوردستان کوشتاری بە کۆمەڵی کوردەکان و نەبوونی هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت و وازهێنان لە کورد کاردانەوەی توندی ئەم پێکهاتە بەرەوڕوو بوویەوە.

دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، دەسەڵاتدارانی نوێی ڕووسیا بە سەرۆکایەتی(بۆریس یەڵتسین) هەوڵیاندا کورد وەک توخمێکی فشار بۆ سەر تورکیا لە پەیوەندییە هاوبەشەکانیاندا بەکاربهێننەوە، بەڵام بەهۆی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، شەڕی چیچان و کێشە ئابوورییەکان، مۆسکۆ هیچ ئارگیومێنتێکی فشاری ڕاستەقینەی نەبوو بەرامبەر تورکیا، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک، هەوڵی دەدا تورکیا بەرامبەر بە خۆی دژایەتی نەکات، ئەمەش بەڵگەی ئەنجامەکەی لە ساڵی ١٩٩٥ی پرۆتۆکۆڵی (ڕێگریکردن لە تیرۆر)دا دەرکەوت. لە چوارچێوەی ئەوەشدا ڕوسیا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر قەدەغەکردنی چالاکییەکانی پەکەکە لە ڕووسیا و ئەنقەرەش ڕایگەیاند کە پشتیوانی لە شەڕی چەکدارانی سەربەخۆیی چیچان ناکات. پرسی کورد لە سیاسەتی ڕووسیادا بۆ ماوەیەك بە بێ دەنگی دەمینێتەوە تەنیا دوای ئەوەی ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی نوێ لە ساڵی(٢٠٠٠) دەسەڵاتی گرتە دەست و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا زۆرینەی دەنگەکانی تورکیای بەدەستهێنا و گەیشتە کورسی دەسەڵات پرسی کورد سەریهەڵدایەوە. سەرەڕای بێمتمانەیی سەرەتایی هەردوو سەرکردە لە ساڵی(٢٠٠٥)دا لەسەر ( کێشەی چیچان و کورد) گەیشتنە ڕێککەوتن( Gönül tol, DECEMBER 19, 2017). ئەو بێدەنگیەش لە سیاسەتی ڕووسیا بەردەوام بوو تا سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و شەڕی ناوخۆی سوریا.

لە ساڵی(2011) وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی روسیا روویدا پراگماتیزمەکردنی تایبەتمەندی دەسەڵاتی سەرۆک ڤلادیمێر پوتین بوو لە رۆژهەڵات بەتایبەتی لە سوریا(حسن، قەڵای زانست، المجلد٦–العدد ٣ ،صيف،٢٠٢١،ص 767). کە بەرژەوەندیەکانی لایەنی ڕووسیای بۆ پرسی کورد زیاتر کرد. لە لایەکی دیکەوەش هاتنی کۆمپانیا رووسیەکان بۆ هەولێر کە چەندین گرێبەستیان لە بواری نەوت و گاز لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەست و هەرێمی کوردستانیان بە پێگەیەکی ستراتیژی خۆیان دانا هەوڵیاندا شوێن پێی خۆیان لە کوردستانی عێراق بکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی کوردی بێ متمانەیەکی زۆری هەبوو بەرامبەر بە دەسەڵاتدارنی رووسیا، زۆرجار مۆسکۆ سەرزەنشت دەکرێت لە لایەن بەشێك سیاسەتمەدارانی کوردەوە بەوەی کە دەڵێن (( ڕووسیا بە ڕادەی پێویست پشتگیری لە کوردەکان ناکات))( رۆژنامەی پەیسەر،2020/1/30). دەسەڵاتدارانی ڕووسیا پاساوی ئەوەیان هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا بە شێوەیەکی نەریتی هەوڵدەدان دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی دەرەوە نەکەن و پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و نێوان حکومەتەکان بە پلەی یەکەم لەگەڵ دەسەڵاتە فەرمییەکان دروستدەکەن. هەڵوێستی بەرامبەر بە کوردی تورک، ئێرانی، عێراقی و سوریی لە ڕووسیا بە هەمان شێوە ڕێزدارە بەرامبەر نوێنەری نەتەوەکانی دیکە. لە هەمان کاتدا ڕووسیا وەک دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی خاوەن پێکهاتەیەکی فیدراڵی و وەک ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە توندی بانگەشە بۆ ڕەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلان دەکات. لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرسی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان و و کۆڕ و کۆبونەوەکانی دیکەی نێودەوڵەتی نوێنەرانی ڕووسیا بەبێ گۆڕان پشتیوانی لە داواکارییە ڕەواکانی کورد دەکەن. لەسەر ئاستی هەرێم و پەرلەمان و ڕێکخراو و دامەزراوە زانستی و ئاینی و بازرگانی و ڕێکخراوەکانی دیکە، ڕووسیا هەوڵ دەدات، تا ئەو جێگایەی کە بتوانێت، پەیوەندی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوچە کوردییەکانی تورکیا و عێراق و سوریا بپارێزێت( .Станислав Иванов, 2016-11-09). بە هۆی تایبەتییەکانی سەرکردایەتی و کۆمەڵگای ئێران، پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسەکان و کوردەکانی ئێران دژوارە هەڵوێستێکی روونی نیە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندیە بەهێزەی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە هەیە، بەڵام نوێنەرایەتییەکانی کوردستانی عێراق وەکو نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(عێراق)، پارتی یەکێتی دیموکرات (سوریا) بەشێوەی هەمیشەیی لە مۆسکۆ وەک ڕێکخراوێکی گشتی بیانی کاردەکەن لە ڕوسیا.

## 3. باسی دووەم: هەڵوێستی دوو فاقییەتی رووسیا بەرامبەر بە کورد:

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دەسەڵاتدارانی ڕوسیا بەردەوام تاکتیکی دوو فاقییەتی پەیڕەو دەکەن بۆ مۆدێرنکردنی ڕێبازی خۆی بەرامبەر بە "کێشە کورد" و هاوتاکردنی هەڵوێستی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە دراوسێی کورد، ئەو قۆناغانەی کە پێدەچێت ناچار بێت لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگاتە ڕێککەوتن. کەوتنە ئەم بارودۆخەش لانیکەم لە سێ حاڵەتدا، لە دوای دەوڵەتی نوێی ڕووسیا روویداوە. حاڵەتی یەکەم پەیوەندی بە بارودۆخی(عەبدوڵڵا ئۆجالان)ەوە هەبوو لە کۆتاییەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا. لەو کاتەدا سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان(Pkk1) بە بەکارهێنانی بەڵگەنامەی ساختە لە لایەن سەرکردەی نەتەوەیی ڤلادیمیر زیرۆنۆڤسکیی کار ئاسانی بۆ کرد بۆ ئەوەی سەفەری مۆسکۆی بکات، دواتر داوای مافی پەنابەری سیاسی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا کرد( .Aliza Marcus, August 1, 2007, p459). ئۆجالان لەو کاتەدا پشتی بە یەکگرتنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو ڕووسیا و کوردستان لە ناوچەی دەریای

1 پارتی کرێکارانی کوردستان یان پەکەکە، ڕێکخراوێکی سیاسیی چەکداری کوردە و بزووتنەوەی گەریلای چەکداری کوردە، کە لە مێژوودا لە سەرانسەری کوردستاندا چالاکی دەکرد، بەڵام ئێستا بە پلەی یەکەم لە ناوچە شاخاوییەکانی زۆرینەی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و باکوری عێراق جێگیرکراوە. لە ساڵی ١٩٨٤ەوە پەکەکە لە شەڕی ناهاوسەنگ لە ململانێی کورد و تورکیادا کەڵکی وەرگرتووە (بە چەندین ئاگربەست لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ و ٢٠١٣-٢٠١٥). هەرچەندە پەکەکە سەردەمانێک بەدوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا دەگەڕا، بەڵام لە ساڵانی نەوەدەکاندا ئامانجەکانی بەرەو ئۆتۆنۆمی و زیادکردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی تورکیادا گواسترایەوە .پەکەکە لەلایەن تورکیا، ئەمریکا،یەکێتی ئەوروپا و هەندێک وڵاتی دیکەوە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەستنیشانکراوە؛ بەڵام ناونانی پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی مشتومڕی لەسەرە ، و هەندێک لە شرۆڤەکاران و ڕێکخراوەکان پێیان وایە کە پەکەکە چیتر سەرقاڵی چالاکیی تیرۆریستی ڕێکخراو نییە یان بە شێوەیەکی سیستماتیکی خەڵکی مەدەنی دەکاتە ئامانج. تورکیا زۆرجار داوای خوێندنی بە زمانی کوردی وەک پشتیوانی لە چالاکییە تیرۆریستییەکانی پەکەکە تەماشای کردووە. هەردوو ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠١٨ دادگای دادوەری یەکێتی ئەوروپا بڕیاریدا کە پەکەکە بەبێ پرۆسەی یاسایی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پۆلێن کراوە. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر مێژووی خەباتی پەکەکە بگەڕێوە بۆ کتێبی ئەلیزا مارکۆس، مێژووی پەکەکە، خوێن و باوەڕ، پەکەکە و خەباتی کورد لە پێناو سەربەخۆیدا، وەرگێرانی ماجید خەلیل، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، 2014.

خەزەر و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەستبوو بە هیوای ئەوەی مۆسکۆ یارمەتی دەدات، بەڵام سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتە یڤگنی پریماکۆڤ، ڕەتیکردەوە مافی پەنابەری سیاسی بە ئۆجالان بدات، هەرچەندە دەنگی(٢٩٩)نوێنەر لە دۆمای بەدەستهێنا لە کۆی(٣٠٠) نوێنەر لە دانیشتنی پەرلەمان کە لە ٤ی تشرینی دووەمی(١٩٩٨) بەڕێوەچوو، لە بەرژەوەندی ئۆجالان بوو و لەو کاتەدا تەنیا یەک بێدەنگی تۆمارکرا(Интервью с Оджаланом, №219.24.11.1998 )، بەڵام بەشێك لە دەسەڵاتدارانی رووسیا لەوانەش پریماکۆڤ پێی وابوو کە تێکچوونی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیا ڕەنگە کاردانەوەی نەرێنی بۆ مۆسکۆ هەبێت ببێتە هۆی تورە بوونی دەسەڵاتدارانی ئەنکەرە، ئەوە بوو دواتر بڕیارەکەی حکومەتەکەی پریماکۆڤ لە دۆسیەی ئۆجەلان بووە بەشێک لە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئەنقەرە، کە نەک هەر پاڵپشتی دارایی و گرێبەست، بەڵکو گرێبەستی قازانجبەخشی بۆ ڕووسیا پێشکەش کرد، بەڵێنیدا پاڵپشتی خۆی بۆ جوداخوازانی چیچانی لە باکووری قەفقاز ڕابگرێت (چاوپێکەوتنەکەی عبدوللا ئۆجەلان لەگەڵ رۆژنامەی کۆمێرسانت ژمارە(219) ) ئەمەش وایکرد جارێکی دیکە رووسیا پشت لە کورد بکات بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت دواتر ئەنجامەکەی بە تسلیم کردنەوەی ئۆجەلان بە تورکیاوە لێکەوتەوە.کەیسی دووەمیش، کە لە حاڵەتی پێشوو کەمتر ڕوون نییە، پەیوەستە بە بەکارهێنانی "کێشەی کورد" لە لایەن سەرکردایەتی ڕووسیا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا، کە ئەویش دوای ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی جۆری24-cyی ڕووسی لە 24مانگی نۆڤەمبەری 2015 لە لایەن تورکیاوە پێکرا بەبیانووی ئەوەی سنوری ئاسمانی تورکیای بەزاندووە( РИА Новсти 24 ноября 2015 года,). لەلایەنی ڕووسیاوە ئەم ڕووداوە بووە هۆی دەستپێکردنی هەڵمەتێکی میدیایی فراوان بە ئامانجی شێواندنی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد، بەو پێیەی لێدوانە فەرمییەکانی ڕووسیا دەستەواژەی وەک "جینۆسایدی کورد"ی بەکاردەهێنا(Россия Канал- ТВ)، لە کاتێکدا کەناڵی "ڕووسیا ئەمڕۆ-Russian today" بە زمانی ئینگلیزی پەخشی نزیک لە دەسەڵات، ژمارەیەک فیلمی دیکۆمێنتاریی بەناوی (ئەردۆگانیست-Erdoganistan) ئەو تاوانانە ئاشکرا دەکەن کە گوایە ئەنقەرە دژی کورد ئەنجامی داوە.( Erdoganistan- RT Documentary)، شایانی وەبیرهێنانەوەیە لەم چوارچێوەیەداکە پێش ڕووداوەکانی تشرینی دووەمی(٢٠١٥) هەڵوێستی تورکیا وەک "جینۆساید" وێنا نەکرابوو بەڵکو وەک "قەیرانی تورکیا" وەسف دەکرا و زۆجاریش وەکو کێشەیەکی ناوەخۆی سەیر دەکرا( Владимир

Дергачев, 2016/). هەرئەمەش وایکرد یەکەمین نووسینگەی نوێنەرایەتی کوردستانی سوریا لەسەر ئاستی جیهان لە مۆسکۆ، لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٦ بکرێتەوە، دواتر گرژی نێوان ئەرمینیاو ئازەربیجان هاتە پێشەوە. لای خۆیەوە تورکیا سیاسەتی خۆی لە باشووری قەفقاز چڕتر کردەوە بە هاوکاری ئەنقەرە کە پشتیوانی تەواوی ئازەربایجانی کرد لە ململانێی ناگۆرنۆ و قەرەباغ، لە ٢ی نیسانی ٢٠١٦ پێکدادانی چەکداری لە هێڵەکانی پێشەوە سەریهەڵدا. ئەم "جەنگی چوار ڕۆژە" لەم ململانێیەدا روسیا هەوڵی دەدا ڕۆڵی نێوەندگیری ببینێت و خواستێکی ڕوونی هەبوو بۆ پاراستنی دۆخەکە، بەو پێیەی هەر پەرەسەندنێکی ڕووداوەکانی دەوروبەری ناگۆرنۆ قەرەباخ، جا لە بەرژەوەندی ئەرمینیا بێت یان لە بەرژەوەندی ئازەربایجان، مەترسی لەسەر بەرژەوەندیەکانی رووسیا دروست دەبوو، لە ئەنجامی ئەو شتانەی پێشوودا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و ڤلادیمێر پوتین، لە میانی دیدارەکەیاندا لە سانت پترسبۆرگ، لە مانگی تەمموزی ٢٠١٦، بڕیاریاندا پەیوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیا ئاسایی بکەنەوە( Д.Г. Бдоян, 2017. 4(55). С. 177)، جگە لە گەڕاندنەوەی کارکردن لەسەر پڕۆژە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات، ئەنقەرە چالاکییەکانی لە قەفقاز کەمکردەوە لە بەرامبەر مۆسکۆ، جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد پشتگوێخست. ئەمەش لە دابەزینی چالاکییەکانی نووسینگەی کوردستانی سووریا لە مۆسکۆ دیار بوو. بەم شێوەیە سیاسەتی بێدەنگی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد دا وەک ئەولەوییەتێک بۆ سەرکردایەتی ڕووسیا مایەوە.

سەبارەت بە کەیسی سێیەمیش ڕۆژی 25ی ئەیلولی 2017، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەڕێوەچوو، لەو ماوەیەدا نزیکەی 93% دەنگیان بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دا، بەڵام لە کۆتاییدا لەژێر کاریگەری فشاری سەربازی و ئابووری و سیاسی بەرچاوی هێزە دەرەکییەکان و بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانەوە سەرکردایەتی کوردی عێراق نەک هەر نەیتوانی ئیرادەی ئەو دانیشتووانە بەدیبهێنێت کە لە ڕیفراندۆمدا دەربڕدرابوو، بەڵکو بەشێکی لە خاکە دەوڵەمەند بە نەوت و ستراتیجیەکانیشی لەدەستدا . ئەم ئەنجامە وەڵامێکی تووڕەیی حکومەتی ناوەندی عێراقی لێکەوتەوە کە تورکیا و ئێران و ئەمریکا پشتیوانیان لە دەسەڵاتی ناوەند کرد، هەموویان هەڕەشەی کردەوەی بەکۆمەڵیان لە دژی هەولێر دەکرد. قەیرانێکی دیپلۆماسی لێکەوتەوە. ترس لە گۆشەگیری و تەنانەت کردەوەی سەربازی دژ بە هەولێر هاتە کایەوە، تورکیا گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ هەولێر ڕاگرت، هەروەها هەڕەشەی ڕاگرتنی بۆری نەوتی لە هەرێمی کوردستان کرد،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا بە "هەڵەیەکی گەورە"ی ناوبرد. ئەو گرژییە بە دەستبەسەرداگرتنی بەشێك لە خاکی هەرێمی کوردستان و شاری کەرکوک دەوڵەمەند بە نەوت و غاز لەلایەن بەغداوە لێکەوتەوە(Дюрре M,. 2019. T. 8. № 2(27), C14.).

سەبارەت بە هەڵوێستی مۆسکۆش لە بەرامبەر هەموو ئەمانە جارێکی دیکە ڕووسیا ماسولکەکانی لە ناوچەکەدا دەچەمێنێتەوە و خۆی وەک نێوەندگیری ئەم قەیرانە نوێیە دەخاتە پێشەوە، ڕووسیا ئەمەی بەکارهێنا بۆ زیاتر فراوانکردنی کاریگەرییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. (سێرگی بالساموڤ)، شرۆڤەکاری ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مۆسکۆ دەڵێت: ئامانجی ڕووسیا ڕۆڵێکی کارا ببینێت لە نێوەندگیریکردنی قەیرانە بەردەوامەکان بەڕاستی ڕووسیا بەرژەوەندیی هەیە بۆ نێوەندگیریکردنی ئەم قەیرانە دیپلۆماسییە، بەو پێیەی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا هەیە. پرسی کورد خۆی وەک دەرفەتێکی دیکەی زێڕین بۆ ڕووسیا بۆ درێژکردنەوەی ڕۆڵی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخاتە ڕوو(Jonathan, F.H, 2017)، هەر بۆیە ڕووسیا لە کاردانەوەکانی بەرامبەر بە ڕیفراندۆمەکە خۆی ڕاگرت، هاوکات هانی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدای دا. جێگای سەرنجە، ڕووسیا تاکە زلهێزی گەورە بوو کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆمی کوردانی عێراقی نەکرد، ئەو وڵاتە سەرەکیترین پارەی گرێبەستەکانی غاز و نەوتی هەرێمی کوردستانە. ڕووسیا جەختی لەوە کردووەتەوە کە هاوکارییەکان لە بواری وزەدا بە بێ کاریگەری ڕیفراندۆم ماونەتەوە، ئەگەرچی قونسوڵخانەی ڕووسیا لە دوای ریفراندۆمەوە زیاتر کارەکانی لە ڕێگەی بەغداوە دەکات پێشتر بە بێ گەڕانەوە بۆ تصدیقاتی وەزارەتی دەرەوەی بەغدا کاری بەڵگەنامەکانی دەکرد. هەروەها لە لە 18ی ئۆکتۆبەر کۆمپانیای زەبەلاحی وزەی ڕووسی ڕۆسنەفت ڕێککەوتنێکی وزەی لەگەڵ کوردستان واژۆکرد و پابەندبوونی خۆی بە ناوچەکە دووپاتکردەوە. وا دیارە مۆسکۆ ئارەزووی پاراستنی پەیوەندی سەقامگیری لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسێی کوردەکان دەکات، هەر بۆیە پێی باشترە هەڵوێستی بێلایەنانە لەسەر ئەم پرسە بگرێتەبەر. سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لە لێدوانێکدا لەسەر ڕیفراندۆمی کورد، لەلایەک دانپێدانانی خۆی بە "شەرعییەتی خواستەکانی کورد" ڕاگەیاند، گووتی((ڕووسیا ڕێز لە خواستی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێت بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەکەی، بەڵام پێویستە ئەو کارە لە ڕێگەی دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئەنجام بدرێت. لاڤرۆڤ جەختیشی لەوە کردەوە کە "دەبێت خواستە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەواکانی کورد وەک گەلانی دیکە لە چوارچێوەی ئێستای یاسای نێودەوڵەتیدا جێبەجێ بکرێن))( https://tass.ru/politika/). لاڤرۆڤ ئاماژەی بەوەشکرد، مۆسکۆ بەردەوام دەبێت لە پەیوەندییە ئابورییەکانی لەگەڵ کوردستانی عێراق، هەروەک چۆن لەگەڵ باقی عێراقدا دەیکات، ئاماژەی بەوەشکرد، ڕوسیا کونسوڵخانەکەی لە هەولێر داناخات، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە....))( چاوپێکەوتن لاڤرۆڤ لە کەناڵی ڕووداو)

لەلایەکی دیکەوە، بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە "پرسی کورد لە پرسەکە تێدەپەڕێت لە کێشانی سنوورەکانی عێراقی مۆدێرن و کاریگەری لەسەر بارودۆخی ژمارەیەک وڵاتی دراوسێ هەیە( Francja apeluje, 2017)کە دەبێت دۆخەکەیان لەبەرچاو بگیرێت، هەڵوێستی کرێملین بەم شێوەیە پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، وەزارەتی دەرەوە، داوا لە هەردوولا دەکات دانوستان بکەن(dylemat Moskwy, (2017 .). هەڵوێستەکانی مۆسکۆ لە ڕوانگەیەکی پراگماتیکەوە سەرچاوە دەگرن کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە تەنیا ئابوورییەکان دامەزراوە، بۆیە لەناو هاوبەشەکانی حکومەتی کوردستانی عێراقدا چەندین کۆمپانیای ڕووسی هەیە( کەناڵی k24وەزیری وزەی رووسیا )، بەتایبەتی گازپرۆم کە لەوێ چالاکی هەیە و سێ پرۆژەی گەڕان بەدوای نەوتی هەڵبجە و شاکەل و گەرمیانی هەیە. لە ساڵی ٢٠١٧دا چەندین گرێبەستی نەوت لەلایەن کۆمپانیای ڕۆسنەفت کە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ڕووسیا کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کرێملین هەیە (بەجانتای پۆتین ناوی دەبن)پێشکەش هەرێم کراوە بۆ کڕین و فرۆشتنی نەوتی هەرێم، هەروەها بۆ گەڕان بەدوای کێڵگە نەوتییە نوێیەکاندا(Greg Walters, October 6, 2017,) ، ئەوە جگە لەوەش بەشێك لە بۆریە نەوتیەکانی هەرێمیش ئەو کۆمپانیایە کڕیویەتیەوە.

## 4. باسی سێیەم: گرنگی پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و هەرێمی کوردستانی باشوور

بەدرێژایی مێژوو پەیوەندی رووسیا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگە( ئێران و سوریاو عێراق و تورکیا)وە بووە، ئەگەرچی ناکۆکی لە نێوان ئەوانەدا هەبووە، بەڵام هەموو کات روسیا هاوڕێیەتی هەمووانی کردوە دەرفەتی بۆ هەموو ئەوانەش هێشتۆتەوە کە بیانەوێت دۆستایەتی لەگەڵ رووسیا بکەن، بۆیە هەموو کات کێشەی کورد بۆتە قوربانی ململانێ سیاسیەکانی رۆژهەڵات، هەرچەندە زۆجار سەرۆک ڤلادیمێر پوتین و بەرپرسانی باڵای دیکە رووسیا جەخت لەسەر پەیوەندییە مێژووییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتەکانی ڕووسیا لەگەڵ گەلی کورد دەکەنەوە و ستایشی ئازایەتیان دەکەن، تەنانەت هەندێک لە کوردەکان ڕۆڵی فەرمییان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕووسیادا گێڕاوە(**بافل بيليسكي، 2019/5/25.**) ، ڕوسیا پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ کوردستانی باشووردا هەیە، بەو پێیەی ئەم هەرێمە بە فراوانترین ماف و دەسەڵاتە نێودەوڵەتییەکان پێگەی یاسای لە فیدراڵی عێراقدا بەدەستهێناوە. ڕووسیا یەکێک بوو لە یەکەم وڵاتان لە کانونی یەکەمی ساڵی 2007 کونسوڵخانەی گشتی خۆی لە هەولێر کردەوە. سەرەتای گەشەسەندنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان ڕووسیا و کوردستانی عێراق لە مانگی ئایاری ٢٠٠٨دا دەستی پێکرد، کاتێک شاندێکی نوێنەری ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی دەوڵەتمەدارێکی ناسراوی ڕووسیا، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی ڕووسیا وەزیری دەرەوەی پێشوو (ئی.م. پريماكۆڤ-Е.М. Примаков ) ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی ئەنجوومەنی ڕووسیا-کوردستان بۆ هاوکاری ئابووری، کە زلیمخان موتسۆڤ2، سەرۆکایەتی دەکرد( .Земцова Юлия, Екатеринбург 2017 г, С56)، دواتریش زنجیرەیەک سەردانی فەرمی هاوبەش بە شێوەیەک بووە هۆی هاتنی خودی سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ مۆسکۆ لە ساڵی ٢٠١٣، لەوێ ڕێککەوتنی لەسەر پێدانی ئیمتیازاتی نەوت بە گازپرۆم نەفت واژۆ کرد( ,А. Бархударьянц Москва. Ун-Та. Сер. 25, № 1, ,2015, С100.). هەروەها لە ساڵانی دواتر سەردانەکەی (نێچیرڤان بارزانی)دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا ڤ.ڤ. پوتین، و وەزیری دەرەوە س.ڤ.

---

زلیمخان موتسۆڤ ئەمیرخان مۆری: جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی پەرلەمان(دۆما) و سەرۆکی گرووپی جێگری ڕووسیا-عێراقە، کوردێکی ئێزدییە و خەڵکی ڕووسیایە. ئەندامی پەرلەمانی ڕووسیا بووە و بە بازرگانێکی سەرکەوتوویش ناسراوە، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ لە شاری تفلیس لەدایکبووە. باوک - کارمەندی بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەتی جۆرجیا، دایک - کارمەندی کتێبخانەی شاری تفلیسی بوو دایک و باوک کاتێک زلیمخان تەمەنی ١٠ ساڵ بوو گیانیان لەدەستدا. بە گوتەی موتسۆڤ، لەو کاتەوە لەگەڵ ئەمیرخان برا بچووکەکەی و خوشکەکەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەژین کاریان دەکرد. دوای تەواوکردنی خوێندن لە شوێنێکی بیناسازی وەک شۆفێری دامپ بارهەڵگر کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨١ لە سوپادا خزمەت دەکات. لە ساڵی ١٩٨٩ لە پەیمانگای ئەندازیاری شارستانی ڤۆلگۆگراد دەرچووە. لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ کارگەیەکی دورینی خۆبەخشی کردەوە، بە پاڵپشتی حکومەتی ڕووسیا چەندینجار یارمەتی ئاوارە یەزیدیەکانی کوردستانی دواوە لە ڕێگەی دەزگای خێرخوازی بارزانی، و ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی کوردستانی باشوور و ڕووسیا.
https://kurdistan.ru/2014/10/26/news-22690_Kurdskiy_biznesmen_i.html

لاڤرۆڤ، سەرۆکی کۆمپانیای "گازپرۆم" ئەی بی میلەر. بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری سانت پترسبۆرگ بوونە بناغەی دروستبوونی پەیوەندیەکانی مۆسکۆ و هەولێر، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ ئاڵوگۆڕی سەردانەکان لە ئاستە جیاجیاکانی نێوان مۆسکۆ و هەولێر وەک خواستێکی هاوبەشی کوردەکانی باشوور و ڕووسەکان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییە دۆستانەی نەریتی سەیر بکرێت. بۆ ڕووسیا ڕێڕەوی بەرەو پەرەپێدانی هاوکاریە لەگەڵ هەولێر، وەک ئەوەی هاوتەریب بێت لەگەڵ بەغدا، ڕەنگە تاکە بڕیاری ڕاستەقینە و تەواو ڕەوا بێت بۆ هەردوو لا( .. Igor Delanoë, No 14, June 2015, P5.). لە لایەکی دیکەوە بەرژەوەندی خاوەنکارانی ڕووسیا لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کەشوهەوای لەباری وەبەرهێنان لەوێ و بوونی نەوتی دەوڵەمەندی هایدرۆکاربۆن و بارودۆخی ژیان و کارکردنی تاڕادەیەک سەلامەت بۆ بیانییەکان.

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا کۆمپانیای گازپرۆم نێفت گەورەترین چالاکی لەنێو کۆمپانیا ڕووسیەکانی کوردستاندا نیشانداوە، کە سەرکەوتوانە لەبواری گەڕانی جیۆلۆجی و پەرەپێدان و کارپێکردنی کێڵگە نەوتی و گازییەکان کاردەکات و و زیاتر دامەزراوەی نوێ پەرەپێدەدات. هەمان کۆمپانیا سپۆنسەری خوێندنی خوێندکارانی کوردە لە چوارچێوەی پشکی عێراقدا سکۆلەرشیپ تەرخان دەکرێت، پشکێکی سەربەخۆش بۆ نوێنەرانی کوردستانی عێراق تەرخان دەکرێت، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی کرمیلین و هەولێر(چاوپێکەوتنی لاڤرۆڤ لە کەناڵی رووداو، 2017) ، هەروەها بەشداری لە پرۆژەی ژینگەیی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، زانستی و چەندین پرۆژەی دیکەدا دەکات، بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠١٤ بە پاڵپشتی

ڕاستەوخۆی کۆمپانیای گازپرۆم نێفت، ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسی کتێبێکی وێنەیی مێژوویی بەناوی (کوردەکان. ئەفسانەی ڕۆژهەڵات-Курды. Легенда Востока )( Папова И.Ф. «Арбор», 2018.C12.). لە چاوی توێژەرانی ڕووسیا"یان بڵاوکردەوە. جێگای سەرنجە ئەم کتێبە بە چوار زمانی ئینگلیزی, رووسی, کوردی و عەرەبی چاپ کرابوو. هەروەها گرنگیدان بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەن کارگەی کانزای لیپێتسک، کۆمپانیای ئەندازیاری ڕووسی، کۆمپانیای پەیوەندییەکانی بێرکوت، لوکۆیل، زاروبێژنەفت، سۆیوزنەفتگاز، تەکنۆپرۆمێکسپۆرت نیشان دەدرێت(بەڵگەنامەی 32/55).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوسیا توانی پێگەکانی خۆی ناوچەکە بە گشتی بگەڕێنێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق لە دۆخێکی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی عێراق دەچێت، کە عێراق بەهۆی ناکۆکی ناوخۆی شیعە و سوننە لایەنەکانی دیکە ئاڵۆزە. ڕووسیا لەسەرەتای شەڕەکانی داعش هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە ئاوارەکانی سوریا و عێراقی کرد لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، هەروەها بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، چەند وەجبە چەکی سوک و تۆپخانەیی لەگەڵ کۆمەڵێک تەقەمەنی ڕادەستی هەولێر کردوە لەکاتی شەڕەکانی دژ بە داعش(Rudaw" Задал Вопрос Главе Мида России, 2016-01-27).

پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستان بە ڕێکەوتی هەڵوێستی لایەنەکان لەسەر زۆربەی کێشە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان ئاسانکاری بۆ دەکرێت، ئەمڕۆ کوردی عێراق دوژمنێکی دەرەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوەشدا لە دۆخی تاڕادەیەک سەختی سەربازی-سیاسی گشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانیویانە بە یەکسانی دووری لە لایەنەکانی هەموو ململانێ ناوچەییەکانەوە بمێننەوە. بەم شێوەیە لەگەڵ پاراستنی هاوبەشی متمانەپێکراو لەگەڵ واشنتۆن و برۆکسل، هەولێر لە هەمان کاتدا پەرە بە هاوکارییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چین دەدات. پەیوەندی نزیک لەگەڵ فەرەنسا و تورکیا ڕێگری ناکات لە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و وڵاتانی عەرەبی. هەروەها پشتیوانی لە کوردەکانی سوریا نابێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد ئەگەر بیکات. سیاسەتی دەرەوەی هەولێر جەختکردنەوە لە بێلایەنی و لێبوردەیی و خۆگرتن و هاوسەنگی و ئامادەیی بۆ هاوکاریی سودبەخشی هاوبەش لەگەڵ هەموو وڵاتان و ڕێکخراوە یاساییەکان بەبێ جیاوازی. هەرێمی کوردستان وەک ڕووسیا هەڵوێستێکی تا ڕادەیەک توندی هەیە بەرامبەر بە توندڕەوانی ئایینی و تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن لەوانەش هەریەك لە داعش و ئەلقاعیدە(Земцова Ю. А, С65).

## 5. باسی چوارەم: پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستان لە بواری وزە:

پەیوەندی ئابوورییەکانی نێوان ڕووسیا و کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کەرتی وزە(نەوت و غاز)، ئەگەرچی لە ساڵی 2007 بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاکانی جیهان وەبەرهێنانیان لە کوردستان کردبوو بەڵام بەهۆی تێپەڕبوونی لە ڕێگای بۆری نەوتی تورکیاوە بۆ جەیهان کۆمپانیاکان زیاتر لە لایەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تورکیاوە کۆنترۆڵکرابوون. پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد رووسیا لە ساڵی(2007) قونسوڵخانەی گشتی لە هەرێمی کوردستان کردەوە، بەڵام پەیوەندیەکانیان لە بواری نەوت و غاز دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2012، لە ئەنجامدا هەردوو کۆمپانیای لۆکۆیل و گازپرۆم نەفت هاتنە ناو بازاڕی وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دواتر ژمارەیەک گرێبەستی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانیان لەنێو پرۆژەکانی دیکەدا بەدەستهێنا، ئەمەش وایکرد سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی(2013) بۆ یەکەمجار دوای ماوەیەکی زۆر سەردانی مۆسکۆ بکات کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان

لە ساڵی 2014 ڕووسیا لە کوردستان کارەکانی چڕترکردەوە بە پلەی یەکەم بەهۆی ئەوەی شاری دەوڵەمەندی بە نەوت کەرکوک کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان، هەردوو کۆمپانیای گازپرۆم نەفتی ڕووسی کە خەریکی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان بوو، کۆمپانیای ڕۆسنەفت کە نەوتی خاوی هەرێمی کوردستانی دەفرۆشت، هەوڵیاندا چەند گرێبەستێکی دیکە لەگەڵ حکومەتی هەرێم واژوو بکەن، چونکە مۆسکۆ ئاگاداری ئەوەبوو وەبەرهێنان لە نەوتی هەرێمی کوردستان دەرهێنانی هەرزانە(Barmin Y. (2017). لە لایەکی دیکەوە بەو هیوایەی کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بمێنێتەوە و کاریگەرییەکی دیارینەکراویشی لەسەر پێکهاتەی کوردانی عێراقی و تورکیدا هەبێت، لە هەمان کاتدا هەوڵیدەدا پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرە و تاران تێکنەچێت(Pawel beiliciki, , No 2, 2017, P42.). بەتایبەتیش کڕینی بۆڕی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمپانیای ڕۆس نەفتەوە ئەم جۆرە تاکتیکانەی کرێملین سەرکەوتن بەدەست دەهێنا، چونکە نەک هەر بەغدا و هەولێر هەڵوێستی ئەو قبوڵ دەکەن، بە ڕاستگۆتریان لە ڕۆژئاوا دەزانن، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ترسیان لە مەترسی سیاسی هەبێت لە ڕاگرتنی وەبەرهێنانەکان لە کوردستان. مۆسکۆ کەڵک لەم دەرفەتە وەردەگرێت و دەست دەکات بە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق( Albert Akopyan, September 25th, 2017.). ئەوە بوو دواتر کۆمپانیا ئەمریکییەکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل و شیڤرۆن لە ساڵی ٢٠١٥ دەستیان کرد بە کەمکردنەوەی بەشداریکردنیان لە کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بە هۆی نیگەرانییە ئەمنییەکانی داعش و کێشەی جیۆلۆجی و گرێبەستەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، حکومەتی هەرێم زیاتر کۆمپانیا ڕووسییەکانی بانگهێشت کردووە کەمتر مەترسی سیاسی و ئابووریيان لەسەرە بە بەراورد بە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان. رووسیا بەهۆی گرنگی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ستراتیژیی هەرێمی کوردستانی نزیکەی چوار ملیار دۆلاری وەبەرهێنانی لە بواری نەوت و غاز دا کرد، بووە گرنگترین وەبەرهێنەری بیانی لە باکووری عێراق، چونکە هەرێمی کوردستان بەدوای کۆمپانیایەکی گەورەی وەبەرهێندا دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەنقەرە بە ئاسانی دەسەڵاتی بەسەردا نەشکێت ئەمەش وایکرد ڕۆڵی ڕووسنەفت روو لە زیادبوون بکات، سەرەتا گرێبەستێکی دوو ساڵە بۆ کڕینی نەوتی کوردی پاشانیش هەردوولا ڕێککەوتنێکی دیکەیان واژۆکردووە کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کۆمپانیای نەوتی ڕووسی بەردەوام دەبێت لە کڕینی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان. هەروەها ئامادەیی خۆی بۆ دابینکردنی دارایی بۆری غاز ڕاگەیاند، کە تا ساڵی ٢٠٢٠ ساڵانە بیگەیەنێتە ٣٠ ملیار مەتر سێجا(انا بورشفسكايا، ١٤ یونیو ٢٠١٨).

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە پاڵپشتیی ڕۆسنەفت لە ساتێکی یەکلاکەرەوەدا بوو بۆ کوردستان چونکە هەرێم زۆر پێویستی بە پارەی نەقدی بوو. بڕینی بەشە بوجەی لە بەغدا و نزمبوونەوەی نرخی نەوت و ئەو ساڵانەی لە دژی داعش شەڕی کردبوو ببوە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان نزیکەی 23 ملیار دۆلاری قەرزادار بێت، کە بەشێکی هی کۆمپانیایەکان و بەشەکەی دیکەی هی موچە خۆران بوو، ئەمەش بەو مانایە بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی تەنها ٢٥٪ی مووچەی فەرمانبەرانی خۆی بدات، هەر بۆیە (ئالان موهتەدی[3]) دەڵێت( ئەگەر گرێبەستەکانی ڕۆسنەفت نەبوایە، پێموا نەبوو کوردستان ڕیفراندۆمی ئەنجامدابوایە)(Greg Walters, October 6, 2017) , ئەوەی جگە لەوەی خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ بوو لە ناوەخۆش بەدەست کێشەی سیاسی لاینەکان و خۆنیشاندانەکانەوە بارودۆخی باش نەبوو بەشێکی زۆر لە دامو دەزگا و کەرتی تەندروستی و پەروەردەییەکان ئەرکی خۆیان جێ بەجێ نەدەکرد بەهۆی نەبوونی بوجەی پێویست.

## 6. کاریگەری غازی هەرێمی کوردستان لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و کوردستان

دوای ڕووداوەکانی ئۆکرانیا زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەدوای شوێنگرەوەی رووسیا دەگرێن بۆ پڕکردنەوەی پێدوایستیە نەوت و غاز، لە ساڵی ٢٠٠٩دا یەدەگی گەورەی غاز هەریەك لە وڵاتانی لوبنان و قوبرس و ئیسرائیل دۆزرایەوە، بۆ نمونە تەنها لە کێڵگەی تەماری ئیسرائیل ٢٢٧ ملیار م٣، زیاتر لە 1

[3] (ئالان موهتەدی) بەرپرسی کۆمپانیای(تی ئەند ئێس کۆنسلّتینگ ئینێرجی)، کە ڕاوێژکاری ئەو کۆمپانیایانە دەکات کە لە بواری نەوت و غازی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن.

تریلیۆن م3. ئیسرائیل چالاکانە لە ساڵی ٢٠١٣ دەستی بە بەرهەمهێنانی غازی خۆی کردوە، هەروەها قوبرس پەرە بە پرۆژەکانی دەرهێنان و شلکردنەوەی غاز دەدات بۆ هەناردەکردنی بۆ یەکێتی ئەوروپا، بەدەر لە بۆرییەکانی غازی ڕووسیا. بەم شێوەیە قوبرس و ئیسرائیل لە هاوردەکارانەوە گۆڕاون بۆ هەناردەکاری سەرەکی سامانە سروشتییەکان(غسانوف،2019/8/17.).

هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی ئەو وڵاتانە دەیەوێت هەناردەکاری غازی سروشتی بکات، لێرەدا مەترسییەکی هاوشێوە بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی غازی سروشتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. بەپێی خەمڵاندنە سەرەتاییەکان کێڵگەکانی کوردستانی عێراق نزیکەی بەتەواوەتی دەتوانن پێویستی تورکیا بۆ غازی سروشتی پڕبکەنەوە، ئەمەش دەستبەجێ کاریگەری لەسەر پێگەی باڵادەستی ڕوسیا لە بازاڕی غازی ئەم وڵاتەدا دەبێت( Eldar Kasayev , 10.09.2010). نزیکیی ئەنقەرە و هەولێر، چ لە ڕووی جوگرافیاوە و چ لە ڕووی سیاسییەوە، لە ئێستا یان لە داهاتوو ئەم پرسە دەخاتە بەرنامەی کارەوە، چونکە وەک لە دۆخی نەوتدا، غازی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش هەموو شتێک دەچێتە تورکیا یان بڵێن بە بۆرییەکانی تورکیادا تێدەپەڕێت. سیناریۆیەکی لەو شێوەیە لە ئێستاوە لە گۆڕێدایە و دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە ساڵی(٢٠١٣)کورد توانی بۆری نەوتی خۆی کە فیشخابوورە بۆ تورکیا دروست بکات. لە سەرەتادا مەبەستی بوو غاز پێ هەناردە بکات، بەڵام دواتر گۆڕدرا بۆ گواستنەوەی نەوت، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ڕووسیا و تورکیا سەبارەت بە دروستکردنی بۆری غازی ستریم١١ی تورکیا، کە لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٥ کۆتایی هاتوە، پەیوەندییەکانی غازی نێوان مۆسکۆ و هەولێر دەتوانێت بە درێژایی دوو بۆری گەشە بکات. بەڵام لێردا چەند سیناریۆیەك دێتە پێشەوە_ ئەگەر هاتوو کوردستان پەرەی بە کێڵگە نەوتییەکانی خۆیدا ویستی هەناردەی بکات بۆ دەرەوە ئەوا تورکیا پێداویستیەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان پڕدەکاتەوە یەکەمین لەبەر ئەوەی بە هەرزانتر دەستیدەکەوێت بۆرییەکان بەناو خاکەکە دادەڕوات، دووەمین هەرێمی کوردستان ناتوانێت وەکو کارتی فشاری بەکاربێنێت، ئەوکاتە تورکیا تەنها پێداویستیەکانی غازی لە هەرێمی کوردستان پڕدەکاتەوە، بەڵام لە لە دۆخێ تورکیا نەتوانی دەرفەتی هەناردەکردنی غازی بۆ ڕووسیا بدۆزێتەوە، ئەوا بازاڕی تورکیا زیاتر داگیر دەکات ئەوەش لە بەرژەوەندی تورکیادایە، پلانەکانی هەولێر بۆ هەناردەکردنی غازەکەی تێکدەدات و دەیخاتە دۆخێکی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مۆسکۆ، بەڵام ئەگەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنقەرە توانی ببێتە ناوەندێکی غاز بە دۆزینەوەی بازاڕی فرۆشتن کە بەناو خاکەکەیدا تێدەپەڕێت، ڕێگە دەدات بە هەناردەکردنی غاز لە کوردستانی عێراقەوە لە ڕێگەی بۆری ڕووسیاوە بۆ بازاڕەکانی تورکیا و ئەوروپا ئەوکاتە هەموو لایەك بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو دەبێت.

## 7. ئەنجام

- ئەگەر چی پەیوەندییەکی لە مێژینە هەیە لە نێوان کوردو روسیا، بەڵام ڕوسیا لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد دا بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق خستووەتە بەرچاو، بۆیە پرسی کورد هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تاوەکو ئێستا ڕۆڵی لاوەکی بۆ مۆسکۆ لە سیاسەتی دەرەوەی مۆسکۆدا هەبووە، ئەمەش وایکرد روسیا سیاسەتێکی روون و یەکلاکەرەوەی نەبێ بەرامبەر بە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ڕووداو گۆڕانکاریە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت شەڕەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرژەوەندییە ئاڵوزو جیاوازیەکانی دەوڵەتە گەورەو زلهێزەکان گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستیان داهات سەبارەت بە کێشەی کورد، بەتایبەتەیش دوای دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان هەوڵیاندا خۆیان لە هەرێمی کوردستان نزیك بکەنەوە یەکێك لەو دەوڵەتانە روسیا بوو، چەندین گرێبەستی گرانبەهای لە بواری نەوت و غاز لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەست لەو کاتەی هەرێم لە قەیرانێکی دارایی قوڵدابوو لایەکی دیکەوە بەهۆی ریفراندۆمەوە تووشی قەیرانی دبلۆماسی بوو، روسیا ئەم دەرفەتەی قۆستەوە پەیوەندیە ئابووریەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمدا بەهێز کرد و بە کڕینەوەی پشکەکانی کۆمپانیا ئەمریکیەکان شوێنی بەشێك لە کۆمپانیایەکانی گرتۆتەوە.

- ئەوەی لە لە داهاتوو کاریگەری لەسەر پەیوندییەکانی هەرێمی کوردستان رووسیا دەبێت ئەویش (زێری شینی)ە، هەولێر هەوڵدەدات پەرە بە کێڵگەکانی بدات بەتایبەتیش سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان(مەسرور بارزانی) دەیەوێت سەرچاوەکانی داهات هەمەجۆر بکات بۆ ئەوەی چیتر پشت بە دەرەوە نەبەستێت، بەڵام ئەوەش کێشەی زۆری بۆ دروستکردووە بەتایبەتی لە لایەن ئێرانەوە کە هاوپەیمانیەکی نزیکی رووسیایە چەندین جا هەولێریان بۆردومان کردووە، دەسەڵاتدارانی کورد بانگەشەی ئەوەیان کردووە دەیانەوێت بێنە ناو کێبڕکێی جیهانەوە لە فرۆشتنی غازی سروشتی، لێردا روسیا بەدڵنیایەوە نایەوێت رکابەرێکی بۆ پەیدابێت پلانەکانی هەولێر بۆ هەناردەکردنی غازەکەی

تێکدەدات و دەیخاتە دۆخێکی ڕووبەڕووبوونەوە لە دۆخێك ئەگەر دڵنیا بوو غازی هەرێم دەبێتە شوێنگرەوەی غازی روسیا، لێردا دۆخەکە وەکو یاری شەترەنجی وایە هەولێر دەبێت زۆر بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ بکات چونکە ئێستا روسیا ئامادەبوونێکی گەورەیان لەرۆژهەڵاتی ناوەراست پەیداکردۆتەوە رووسیا دەتوانێ لە رێگەی ئێرانەوە کش و مات بە هەولێر بکات، ئێرانیش چەندین جار بەبیانووی جیاواز دەروبەری هەولێری بۆردومان کردووە.

- روسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیەوێت لەگەڵ هەموان دۆست بێت کەمتر دەست لە کاروباری سیاسی وەردەدات، بەڵام ئەگەر بزانێت بەرژەوەندییەکانی دەکەوێـە مەترسیەوە پەرچەکرداری دەبێـت بۆیە هەرێمی کوردستان دەبێت نەکەوێـتە داوای یاری زلهێزەکان چونکە لە هەموو دۆخێك هەرێمی کوردستان لە ئاستی ئەوەدانیە بچێتە ناو کێبرکیی روسیا ئەمریکاوە جگە لەوەش کۆمپانیای رۆسنەفت لە ئێستادا پشکی شێری لە کاروباری هەناردەکردنی نەوتی حکومەتی هەرێم بەهرەمەندە، هەروەها بەڵێنی داوە بۆری غاز بۆ تورکیا دروست بکات. ئەمەش دەتوانێت رێگە بە مۆسکۆ بدات خۆی چەسپێنێت و پەیوەندی وزە لەگەڵ حکومەتی هەرێم و ئەنقەرەدا دروست بکات و پێگەی جیۆستراتیژی ڕووسیا لە ناوچە فراوانەکەدا بەهێزتر بکات. ئێستا کرێملین لە هەوڵەکانی تورکیا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی وزە، ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر ئاستەنگ لە تواناکانی وەک بەدیلێک بۆ قۆرخکاریی ڕووسیا لەسەر بازاڕەکانی وزەی ئەوروپا.مەترسییەکانی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووسیا، ئەمریکا و تورکیا لە مێژە سەرپەرشتی سەرەکی حکومەتی هەرێم بوون. کوردەکانی عێراق بۆ پاراستنی ئاسایش پشتیان بە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوکارییە داراییەکانی ئەمریکا بەستبوو کە بە هێزەکانی پێشمەرگە دەدرا، هاوکات ئابوورییەکەی پشتی بە تورکیا بەستبوو بۆ ئەوەی هاوکاریی هەناردەکردنی نەوتیان بکات سەرەڕای ناڕەزایەتییەکانی بەغدا. وە هەرچەندە ڕووسیا رۆڵی کاریگەری هەبوو لە پەرەپێدانی کەرتی وزە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام هێشتا سوودی بۆ ئامانجەکانی حکومەتی هەرێم تاقی نەکراوەتەوە ڕووسیا تادێت جەختکەرەوەی زیاتر دەخاتە گەڕ بۆ قۆرخکاری لە نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ئەوەش یاریەکی مەترسیدارە بۆ هەرێم کە تاوەکو ئێستا خۆی بەهاوپەیمانی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا دەزانی.

# لیستی سەرچاوەکان

1. *Albert Akopyan,* first outcomes of Kurdish referendum: Russia wins Подробнее: https://eadaily.com/en/news/2017/09/25/first-outcomes-of-kurdish-referendum-russia-wins September 25th, 2017.
2. Alexander schinis,, Russia is playing 'good cop, bad cop' with Syria's Kurds, https://www.middleeasteye.net/fr/node/67218
3. Aliza Marcus, Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence Hardcover – Illustrated, August 1, 2007.
4. *Anna Borshchevskaya,* The Kurdish Role in Russia's Middle East Power Play, Jul 29, 2020, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/kurdish-role-russias-middle-east-power-play
5. *Anna Borshchevskaya,* The Kurdish Role in Russia's Middle East Power Play, Jul 29, 2020, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/kurdish-role-russias-middle-east-power-play
6. Barmin Y. Kurdish referendum a double edged-sword for Russia, "Russia in Global Affairs", (2017) http://eng.globalaffairs.ru/book/Kurdish-referendum-a-double-edgedsword-for-Russia-19026
7. David Mcdowall, A Modern History Of The Kurds, , I.B.Tauris, 2004.
8. Erdoganistan- RT Documentary- https://www.rt.com/shows/documentary/344950-erdogan-turkey-kurds-crackdown/ فلیمی دیکومێنتاری بەناوی ئەردۆگانستان لە کەناڵی رووسیای ئەمرۆ
9. Francja apeluje o więcej autonomii dla Kurdów, Rosja przestrzega, http://www.tvn24.pl), tvn24.pl, https://www.tvn24.pl/wiadomosci-ze-swiata,2/ref-erendum-w-irackim-kurdystanie-reakcje-francji-i-rosji,776358.html
10. Fundacja Warsaw Institute (2017), Kurdyjski dylemat Moskwy, https://warsawinsti-tute.org/pl/kurdyjski-dylemat-moskwy/
11. Gonul tol, why is turkey silent on Russia's cooperation with the Syrian Kurds? https://warontherocks.com/2017/12/why-is-turkey-silent-on-russias-cooperation-with-the-syrian-kurds/ December 19, 2017.
12. Gönül tol, why is turkey silent on russia's cooperation with the syrian kurds? https://warontherocks.com/2017/12/why-is-turkey-silent-on-russias-cooperation-with-the-syrian-kurds/ december 19, 2017
13. Gönül tol, why is turkey silent on russia's cooperation with the syrian kurds? https://warontherocks.com/2017/12/why-is-turkey-silent-on-russias-cooperation-with-the-syrian-kurds/ DECEMBER 19, 2017
14. Greg Walters, How A Russian Oil Giant Bankrolled The Kurdish Split From Iraq, October 6, 2017, Https://Www.Vice.Com/En/Article/Zmyw99/How-A-Russian-Oil-Giant-Bankrolled-The-Kurdish-Split-From-Iraq

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


15. Greg Walters, How a Russian oil giant bankrolled the Kurdish split from Iraq, October 6, 2017, https://www.vice.com/en/article/zmyw99/how-a-russian-oil-giant-bankrolled-the-kurdish-split-from-ira
16. Jonathan Fenton-Harvey, How Russia could influence the Kurdish diplomatic crisis, 05 October, 2017, the new Arab, https://english.alaraby.co.uk/analysis/how-russia-could-influence-kurdish-diplomatic-crisis
17. Lezan Younis Hussein, Russian Foreign Policy in Syria 2011 to 2017: Neo-Realist Perspective, مجلة قەڵای زانست العلمية مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – المجلد (٦) العدد (٣) صيف ٢٠٢١، اربيل، كوردستان، العراق.
18. Pawel beiliciki, Policy of the Russian Federation towards Kurds in the Syrian Conflict, Securitologia, No 2, 2017.
19. А. Бархударьянц, Курдский Вопрос Во Внешней Политике России И Стран Запада В Контексте Противостояния «Исламскому Государству» Вестн. Москва. Ун-Та. Сер. 25, № 1, ,2015.
20. А.-С. Кхудейда, Советско-Иракские Отношения В Контексте Курдского Национально-Освободительного Движения (1958 – 1968 Годы), Северо-Кавказский Регион. Общественные Науки. 2010. № 1 2010.
21. Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движение (1931–1961 гг.). СПб., 2005.
22. Дюрре Мехмет Эмин Икбаль, Курдский Вопрос В Современных Реалиях Ближнего Востока, Политические Науки, Азимут Научных Исследований: Экономика И Управление. 2019. Т. 8. № 2(27).
23. Жигалина О.И. Олег Людвигович Вильчевский, Курдоведение. - Иран, Москва, 1983.c42
24. Земцова Ю. А., Курдский вопрос в современной системе международных отношений, С65.
25. Земцова Юлия Алексеевна, Курдский вопрос в современной системе международных отношений, Екатеринбург 2017 г.
26. http://elar.uspu.ru/bitstream/uspu/5721/1/21Zemtsova.pdf
27. Интервью с Оджаланом// Коммерсантъ, №219.( Абдулла Оджалан: Примаков сказал мне "нет") https://www.kommersant.ru/doc/209274 24.11.1998
28. Канал- ТВроссия-курдский Геноцид и Турецкий Фащизм https://www.youtube.com/watch?v=R5jQFXtxUZ8
29. Н.Ф. Бугай, И.В. Сталин И Курды В Союзе Сср: От Эмиграции До Репатриации. 1940-1950-Е Годы, Приволжский Научный Вестник, Институт российской истории РАН, № 5 (21) – 2013.
30. О. И. Жигалина, Мулла Мустафа Барзани исторический портрет, Москва ИВ РАН, 2013.

31. Igor Delanoë, The Kurds: A Channel of Russian Influence in the Middle East?, Franco-Turkish No .. 14, June 2015.
32. Папова И.Ф. Раванд-Фадаи, Л.М, и Дрги, Курды. Легенда Востока, Издательская группа «Арбор», 2018.
33. Победоносцева Кая А.О .Курдоведение иполитикав СССР: Опыт интерпретации биографий О.Вильчевскогои Ф. Ростопчина //XXX Международный конгресспоисточнико ведению иисториографии стран Азиии Африки:к150летиюакадемикаВ.В.Бартольда(1869-1930).1921июня2019г.: Материалыконгресса, Отв.ред.:Н.Н.Дьяков,А.С.Матвеев.—СПб.:Изд-во Студия «НП-Принт», 2019. Т. 1.
34. Победоносцева кая А.О., Курды в истории и политике России на Ближнем Востоке в XIX – начале XX вв. Диссертация на соискание ученой степени кандидата исторических наук, Санкт-Петербург, 2017.
35. РИА Новсти- Катастрофа российского Су-24 в Сирии 24 ноября 2015 года, https://ria.ru/20201124/katastrofa-1585925621.html
36. Жигалина О. И. Российское курдоведение как традиционное направление востоковедной науки, ЛАЗАРЕВСКИЕ ЧТЕНИЯ, Выпуск II, Москва ИВ РАН 2013.
37. О.И .Жигалина, Курдское движение в новое и новейшее время , Мехабадская республика) декабрь 1945 – октябрь 1946 г, Москва, 1987.
38. Д.Г. Бдоян, ПЕРИОДЫ ТРАНСФОРМАЦИИ В РОССИЙСКО-ТУРЕЦКИХ ОТНОШЕНИЯХ, Вестник МГИМО-Университета. 2017. 4(55). С. 177.-178.
39. Eldar Kasayev , Iraqi Kurdistan, and the Future of the Russian Gas Business, 10.09.2010, https://en.interaffairs.ru/article/iraqi-kurdistan-and-the-future-of-the-russian-gas-business/
40. غسانوف كامران، حرب خطوط الغاز.. "إيست ميد" الأمريكي الإسرائيلي مقابل "تركيش ستريم" الروسي التركي إلى أوروبا، 2019/8/17، https://katehon.com/ar/article/hrb-khtwt-lgz-yst-myd-lmryky-lsryyly.
41. https://histrf.ru/read/biographies/khrushchiov-nikita-sierghieievich
42. https://kurdistan.ru/2014/10/26/news-22690_Kurdskiy_biznesmen_i.html
43. https://tass.ru/politika/4436662?ysclid=lai390me84211817873
44. https://tass.ru/politika/4436662?ysclid=lai390me84211817873
45. https://tass.ru/politika/4436662?ysclid=lai390me84211817873 ,
46. چاوپێکەوتن لە کەناڵی ڕووداو:لاڤرۆڤ https://www.youtube.com/watch?v=H09OTHo_RX8 هەڵوێستی ڕووسیا لەبارەی گشتپرسی بۆ ڕووداو باسدەکات
47. ڕۆژنامەی پەیسەر/ چاو پێکەوتن لەگەڵ هەندێك لە سیاسەتمەدرانی کورد لە بارەی هەڵوێستی ڕووسیا بەناونیشانی (هەرێمی کوردستان لە نێوان روسیا و ئەمریکا گیری خواردووە)) 2020/1/30. https://www.peyserpress.com/detail/4518

48. فريق باحثين كاتب غير محدد، مسألة الاكراد سورية، الواقع- التاريخ-الاسطرة، المطبعة والنشر المركز العربى للابعاث والدراسات السياسية، بيروت، 2013، ص22، بۆ زیاتر زانینی دیمۆگرافیای کوردەکانی تورکیا لە سوریا بڕوانە ئەم کتێبە.
49. کامران محمد حاجی، کوردستان لە بازانەی کێشەکانی رۆژهەڵات(1800-1900)، هەولێر، 2000.
50. کەناڵی رووداو، لە کاتی چاوپێکەوتن
51. ليث عبدالحسن جواد الزبيدى، ثورة 14تموز 1958فى العراق، الطبعة الاولى، منشورات العربية، بغداد، 1981، ص190 ئەوانی دیکە
52. ئەلێزا مارکۆس، مێژووی پەکەکە، خوێن و باوەڕ، پەکەکە و خەباتی کورد لە پێناو سەربەخۆیدا، وەرگێرانی ماجید خەلیل، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، 2014
53. بافل بيليسكي، سياسة روسيا الاتحادية تجاه الكورد في الصراع السوري، ترجمة :مصطفى إسماعيل، https://www.medaratkurd.com/2019/05.2019/5/25
54. انا بورشفسكايا، بلال وهاب، حكومة إقليم كردستان» تلجأ إلى موسكو بحثاً عن دولة راعية جديدة، ١٤ يونيو ٢٠١٨،

# The Development of the Relationship between Russia and Kurdistan Region of Iraq in the New Era

**Sherwan Abdulrahman Mohammed**
Ministry of Higher Education and Scientific Research, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sherwan.abdulrahman@mhe-krg.org

***Keywords***: *Relations of Kurds, Russian Attitude, Oil and Gas, Referendum, Soviet*

## Abstract

The main purpose of the study is to show the relations between Russia and the Kurdistan Region because Russia has given the Kurdistan Region a strategic position, and in this research it emphasizes the role Kurds in the political and economic situation of Russia in the Middle East talk about russia's two-sided attitude towards the Kurdish issue, as well as the issue of Russia's return to The Middle East and limited

support for the Kurdish side, as well as the most prominent points of rapprochement and conflict between the two sides and Russia's efforts to develop relations with the Kurdistan Region, look at the assumptions of Moscow's policy towards the Kurds. We will also analyze the issues that are related to the development of oil and gas in Kurdistan from the nearby gazprom in Kremlin with the role of Strengthening the relationship between Mosko and Erbil.

---

## تطور العلاقة بين روسيا وإقليم كردستان العراق في العصر الجديد

ملخص:
لهدف الرئيسي من هذا البحث هو عرض العلاقات التي تكونت بين روسيا واقليم كردستان. لأن روسيا تعتبر كردستان كموقع ستراتيجي مهم لها. في هذه الدراسة يتم التأكيد على دور كردستان في محور السياسة والاقتصاد الروسي في الشرق الاوسط. تشرح الدور الازدواجي لروسيا مقابل القضية الكردية، ومسألة عودة روسيا الى الشرق الاوسط ودعمها المحدود الى الطرف الكردي، وتتطرق ايضا الى ابرز نقاط التقارب والخلاف بين الطرفين ومحاولة روسيا تطوير العلاقات مع اقليم كردستان، بهذا الموضوع نتأمل سياسات روسيا مقابل الكرد، ويحلل المسائل المتعلقة بحقول النفط والغاز التي تديرها غاز بروم المقربة من كريملين مع دورها بتطوير العلاقات بين موسكو واربيل.